

# مێینــه

تەسلیمە نەسرین*
و.لە ئینگلیزییەوە: عەزیز ڕەئووف

**لەدایکبوون**
بە زگماکی مەخلوقێکی ناسروشتیت
لەدایکبوونی مێینەیەك وەك ناپەسەند سەیردەکرێت
تەنها مرۆڤەکانن بە نامۆ تەماشای دەکەن

**منداڵی**
لەوکاتەوەی کە لە دایك بووە
لە سوچێکی ماڵەکەیدا فەرامۆشکراوە
وردە وردە بە ژیان ڕادێت

**هەرزەکاری**
قژت شەتەك و توند گرێبدە
چاوەکانت بەملاو بەولادا مەگێڕە
مەمکە ئاوساوەکانی سەرسینەت بە ئارامی بشارەوە
دەزانین کە ژنان پێویستیان بە زنجیرەکان هەیە بۆ پاراستن
گەر بە باشترین شێوە ڕێگەی پێپدرێت
دەبێت لە گەڕەکی ماڵەکەیان دەرنەچێت

**گەنجی**
پیاوان چاو بۆ کچە عازەبەکان دەگێڕن
ئەوان دەتوانن گورز بهاون و کچان بگرێنن
هەندێك بە بیانووی خۆشەویستی
هەندێك بە بیانوی ژنهێنان

**پیری**
پێستێکی توندی بێتوك پڕە لە لۆچ
ئازاری سوری مانگانەی خوێن تاسەر کۆتایی دێ
هەڕەشەی ئەم چیرۆکە وتراوە جارێکی تر هەرەس دێنێ

**مردن**
باش بوو ئەم بەڵایەمان لەکۆڵ بوویەوە
ئەم مەخلوقە بە زگماك ناسروشتیە
مردنی مێینەیەك چەند نەخوازراوە

........ .............. ...........

*تەسلیمە نەسرین لە ساڵی ١٩٦٢ لە بەنگەلادیش لەدایك بووە. کاتێك تەمەنی ٢٢ ساڵ بووە نەسرین بڕوانامەی پزیشکی وەرگرتووە و دەستی کردووە بە کاری پزیشکی لەبواری نەخۆشیەکانی ژناندا لە گوندەکانی بەنگەلادیش. لە کارکردنیدا لە نێو ژنانی هەژاری وڵاتەکەیدا، لە ئابی ١٩٩٤ نەسرین لە بەنگەلادیش هەڵات و مافی پەنابەری لە حکومەتی سوید وەرگرت.

تەسلیمە نەسرین ١٧ کتێب و ژمارەیەکی زۆر گوتاری نوسیوە. ڕۆمانی»شورەیی» بۆ سەر ٢٢ زمان وەرگێڕدراوە. نەسرین چەندین خەڵاتی وەرگرتووە لەوانە خەڵاتی گرنگی» Ananda" بۆ ئەدەب لە هیندستان سەبارەت بە ستونە ڕۆژنامەنوسیەکەی بەناوی" Niubachita" و خەڵاتی" ساخارۆف" بۆ ئازادی ڕادەربڕین لەلایەن پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا.

**سەرچاوە:**
taslimanasreen.com